مەسعود بارزانی لێبارەی کوشتنی ئەکبەر حاجی ڕێستەم:تەکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراو بو



مەسعود بارزانی، سەرکی پارتی دیموکراتی کورستان لێبارەی کوشتنی ئەکبەر حاجی ڕێستەم، کەسایەتی دیاری ناوچەی گەرمیان ڕایگەیاند، ئەو تەکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراو بو. پەویستە بە زوترین کات تاوانباران بدزنەوە و بە سزای تاوانی خۆیان بگەیەندرێن. هەروەها هاوخەمیی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێ و ئاشنایانی ئەکبەر حاجی ڕێستەم و خەڵکی گەرمیان کرد.

بارەگای بارزانی ئەمڕۆ سەشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، بە داخەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدکردنی فەرماندەی پێشمەرگە و کەسایەتیی خەباتگێڕ (ئەکبەر حاجی ڕێستەم)ـمان پێ گەیشت. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەکبەر حاجی ڕێستەم تەکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراوی دەڤەری گەرمیان و جێزی خەڵکی کوردستان بو و لەدەست دانی خەسارێت و کەلەنەکی گەورەیە. پەویستە بە زووترین کات دامودەزگاکانی دەڤەری گەرمیان تاوانباران بدزنەوە و ڕادەستی یاسا بکەن و بە سزای تاوانی خۆیان بگەیەندرێن.

بگەڕێی ڕاگەیەندراوەکە، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار

و هاوڕێ و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو ئەکبەر حاجی ڕەستەم و خێزانی گەرمیان دەکەین و خەمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین ڕەحمی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەمو لایەك ببەخشێت.

ئەو لێکاتەکدایە شەوی ڕابردو ئەکبەر حاجی ڕەستەم کۆسایەتی دیاری گەرمیان و کادیری دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لێناو باخەکەی خۆی لە گوندی ئەمریل لەسنوری قەزای کفری کوژرا.